**له یادی ١٤٩ ساڵەی کۆمۆنەی پاریسدا, یەکەم حکومەتی هەژاران لە مێژوودا**

عەلی مەحمود محەمەد

بزوتنەوەی مێژوو، رەنگدانەوەی گۆڕانکاری یە کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی و زانستی وسیاسییەکانە لە سەر هەڵدان و دامرکاندنەوە، هەڵچون و داچون، گەشە سەندن و سست بونەوەی بەردەوامدایە, ئەم هەڵکشان و داکشانە، ناتوانێت رێگر بێت، لە بەردەم رەوتی بەرەوپێشچوونی مێژوو، ئەگەر بۆ ماوەیەك توانیبێتی رایبگرێت، یان رەوتی رووداوەکان بە پێچەوانەی گەشەکردنی مێژوو بوبێت، ئەو بارودۆخە تاکو سەر نەبووە، دەشێت ستەمکاران و چەوسێنەران و کۆنەپەرستان بزوتنەوەی نوێخوازی سر بکەن، بۆ ماوەیەك لە رەوتی ئاسایی گەشەسەندنی خۆی بیوەستێنن و پاشەکشەی پێبکەن ، وەلێ بۆ هەتا هەتایە ناتوانن ئەم پەیامەیان بسەپێنن, چونکە ژیان لە گەشە کردنی بەردەوامە و راوەستان و پاشەکشە بۆ دواوە رەتدەکاتەوە , کاروان بۆ ئازادی و یەکسانی وەك روبار رێگای خۆی دەکاتەوە.

کۆمۆنی پاریس ، یەکەمین دەوڵەتی کرێکاران و زەحمەتکێشانی بیرو بازو بوو لە مێژوودا تا ئەو کات، کە تێیدا زەنگی رزگاری خۆیان ،لە چنگ سەرمایەداری و داگیرکاری ، دواکەوتویی و کۆنەپەرستی ، نیشتمان فرۆشی و سازشکردن بە بەها نیشتمانی و نەتەوایەتییەکان لێدا, بە دەنگی زوڵاڵیان، جیهانی کۆن و پڕ مەینەتی ستەم و خیانەتی سەرمایەدارانی سازشکاریان هێنایە لەرزین , رەنجدەرانی بیرو بازوو کرێکارانی پاریس ، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی مرۆڤایەتی دا، دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان، بە هاوپەیمانیەتی لە گەڵ،سەرجەم ستەمدیدانی دیکەی کۆمەڵگا دامەزراند, لە رابردوودا لە جەرگەی تەواوی ڕاپەڕین و شۆرشەکاندا ،پرۆلیتاریا بە چەك لە شەقامەکان دەجەنگان ،خوێنیان شەقامی شاران، ناو باریکارد، سەنگەرەکانی پێشەوەیان دەنەخشاند ، کە کار دەگەیشتە سەر ئاکامی راپەڕین، بۆرژواکان پێشتر لە جەرگەی ئاڵ و گۆڕەکان لە ترسا خۆیان لە خەباتی چەکداری دزیبووەوە دژ بە کۆنەپەرستی و دەرەبەگایەتی ، سەری تەڵەکەبازی و دزێویان لە کون دەردەهێنایە دەرێ ، بە دوو دڵۆپ فرمێسکی فێڵبازانە ،کە گوایە بۆ شەهیدانی راپەڕین هەڵیان رشتووە دەهاتنە پێشەوە، دەورو بەری دەسەڵاتیش کەسی تێدا نەبوو ،ئەوەی شەهید شەهید ، بریندار بریندار ،خەباتکاران لە سەنگەرەکانی پێشەوە، برسییەکانیش بە دوای پەیدا کردنی پاروە نانەوە بوون , ئەوانیش دەسەڵاتیان وەك پارویەکی زێڕین دەقۆستەوە, بۆرژوا لە سەرەتاوە بە فێڵ و تەڵەکەبازی و پەیمانی درۆ، دەستی بەسەر دەسەڵاتدا دەگرت ، بە دوایدا دکتاتۆری بێ پەردەی دا دەسەپاند بەسەر کۆمەڵگادا ،ئەمە باری سیاسی و شۆرشگێرانەی ئەوروپا بوو تاکو بەرپاکردنی کۆمۆنەی پاریس, لە کۆمۆندا، کرێکاران بۆ یەکەم جار لە نەبونەوە بوون بە بوون .لە پێناو بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان ، کاریگەرتر و بە ئەنجام تر لە ساڵی ١٨٤٨ هاتنە مەیدان , سەلماندییان بە بەرپا کردنی شۆرش، هیچ لە دەست نادەن، بەڵکو جیهانێك بە دەس دێنن.

کۆمۆنی پاریس ، تەمەنێکی کورت ژیا تەنها ٧٢ رۆژ بوو, قەڵەمرەوی دەسەڵاتەکەی بەشێك لە پاریس بوو, , بۆرژوازی فەرەنسی ، بە پشت ئەستوری کۆنەپەرستانی ناوخۆو هەموو ئەوروپا بە تایبەتی ئاڵمانیا

،به ئیمکاناتی مادی و مەعنەوی زۆرەوە، تێکیان شکاند ، ئابڵوقەی ئەم کۆمارە ساوایەیان لە هەرچوار لاوە دا ،لە تەمەنی ٧٢ رۆژەیدا, بە وەحشیگەرییەکی بێ وێنە ، خەڵتانی خوێنیان کرد, نەیان هێشت لە سەر پێی خۆی رابوەستێت ، تا جیهان بە هەنگاوە شۆرشگێرانەکانی ، رۆشن بکاتەوە, دەروازەی رزگار بوون لەبرسێتی و هەژاری و نایەکسانی بۆ مرۆڤایەتی بخاتە سەر پشت ,کۆمۆن دەسەڵاتی نموونەیی چینی کرێکارە لەمێژوودا، کە راستەوخۆ کرێکاران و رەنجدەرانی کۆمەڵ، دەسەڵاتیان بەرێوە دەبرد , لێ دوبارەبونەوەی وەك خۆی بۆ جارێکی دیکە،پاش ئەم هەموو گۆڕانکارییە هەمەلایەنە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا خەونە , ئەو ٧٢ رۆژەی کۆمۆنی تێدا ژیا ،٧٢ رۆژی راپەڕینی چکدارانەو خەباتی چەکدارانە بوو ، ئاگری چەك نەیهێشت بیرکردنەوەو داهێنان ، رۆڵی خۆیان بگێڕن ، کۆمۆنە زیاتر بە بریارە دادپەروەرانیەکانی و بە داهێنانەکانی مێژووی مرۆڤایەتی رۆشن بکاتەوە ,ئەو ٧٢ رۆژە ، بۆ هەردوو چینی کرێکار و سەرمایەدار، رۆژێکە بۆ هەتا هەتایە لە بیر ناکرێت.کرێکاران و دۆستانی بە ئاواتی گەرانەوەی ، سەرمایەدارانیش بە ئاواتی نەبینینەوەی, کۆمۆن دەری خست ، ئەگەر جەماوەر دەسەڵاتدار بێت، لە ماوەیەکی کەمدا، دەتوانێت بەشێکی زۆر ،لە شوێنەوارەکانی چەوساندنەوە، لە ناو بەرێت,لەو ماوە کورتەی کۆمۆن پێیدا تێپەڕی ، توانی زۆر کار ، لە بەرژەوەندی چەوساوەکاندا ئەنجام بدات، کە بۆرژوازی بە دەیان ساڵ دەسەڵاتداریەتی، نەی توانی بەشێکی کەمی جێبەجێ بکات , هەرچەندە بەشێکی زۆر لەو داواکاریانە ، لە بەرنامەشیدا هەبوو, بەڵکە بە پێچەوانەوە ، بە دوای تێکشکانی کۆمۆنە، بوونە سوررچاکی هەڵوەشانەوەی دەسکەوتەکانی ، هەوڵیاندا لە بیرو هۆشی رەنجدەرانی دەربکەن, ئەمە ئەوە دەرەخات، ئەو چاکسازییانەی ئەمرۆ لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەنجام دراوە ،دیاری بۆرژواکان نییە بۆ مرۆڤایەتی ، لە سەر سینی زێرین پێشکەشیان کردبێت,بەڵکە هەر یەکەی لەو دەستکەوتانە تاکو هەنووکە خوێنی لێ دەتکێت و بەردەوام خوێنی لەسەر رژاوە، تێکۆشانی دورودرێژی سیاسی بۆ کراوە.

بۆرژوازی تا پێیان کرا ، کۆیلەداری ، چەوساندنەوەی بێ پەردە، یاسای هەڵبژاردنی کۆنەپەرستانە، بە درێژایی سەدان ساڵ تەمەنی دەسەڵاتیان دەنگدان و خۆپاڵاوتن ، تەنها بۆ خاوەند سەرمایە و پیاوماقوڵان و مەلاکەکان و پیاوان بوو ... شەرو داگیرکاری ، کوشت و بری گەلانی ژێر دەست ، کاری مناڵان و ژێر دەستەیی ژنان،نیشتمان فرۆشی و دەست تێکەڵکردن لەگەڵ داگیرکەران....... سیمای دەسەڵاتیان بوو.

دەستکەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ریفۆرمە ئابوورییەکان، بەرهەمی تێکۆشانی کۆمۆنارەکان ، و هاورێیانی کۆمۆنارەکان، و ئازادی خوازان، و توێژە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵگایە، لە درێژەی تێکۆشانی چەند سەدەی رابردودا. بە خەباتی خۆیان، لە پانتایی جیهاندا، سەپاندویانە بەسەر دەسەڵاتداراندا.

پەندو ئەزمونوکانی کۆمۆنە ، بۆ هەتا هەتایە، لە دڵ و دەرونی یەکسانیخوازاندا، بە زیندویی دەمێنێتەوە.

ئەمەش مانای ئەوە نیییە، تەواوی بڕگە بە بڕگەی ، کردارو یاساو رێساکانی کۆمۆنە ، بە پیرۆز بزانرێت تا رادەی پەرستن , بەڵکە بەشێك لەو بریارانە ، دوێنێ پێشکەوتنخوازانە بون ، ئەمرۆ ئەو ناوەرۆکەی لە دەس داوە , ژیان داخوازی نوێتری هێناوەتە پێشەوە, خوێندنەوەکانی دوێنێی کۆمۆنە، ئەمرۆ خوێندنەوەی نوێتری دەوێت لە یەکسانیخوازەکان . ئەمرۆ پاش ١٤٩ ساڵ لە کۆمۆنە ،چینی کرێکارو چەوساوەکانی جیهان، دەبێت بە چاوێکی رەخنەگرانەوە، سەیری برگە بە بڕگەی دەسکەوت و پەندو ئەزمونەکانی بکەن، وانەی نوێی لێ هەڵێنجن، پەندەکانی بکەنە چرای تێکۆشانیان بۆ سەما کردنی ئایندەیان بۆ گوڵ.

کۆمۆن دەوڵەتی رۆمانسیانەی هەژاران بوو، لە لایەکی شاری پاریسی بچوکی ئەوسا دامەزرا ، وڵاتێکی سادە ، بێ پەیوەندی دەرەوە ، ژمارەی دانیشتوانی کەم و جوگرفیایەکی بچوك و تەمەنێکی کورت , ئەم

تروسکەی روناکییە، لەناو شەوەزەنگی ئەوسای ئەوروپاوە لە دایك بوو, جیهانی بە هەنگاوە مەزنەکانی ڕۆشنکردەوە.

هەرجارێك و هەر رۆژێك و هەر سەردەمێك کۆمۆن دەخوێنیتەوە ، لایەنی نوێ، ئەزمونی نوێ ، خوێندنەوەی نوێ بەرهەم دەهێنێت.

دەتوانین مێژوی نوێی جیهان ، لە ئاوێنەی مێژووی فەرەنساوە بخوێنینەوە, مارکس ڕوداوەکانی فەرەنسا ، زۆرتر لە ڕوداوی هەر وڵاتێکی دیکە کاری تێکردووە ، ئەوەی بۆ فەرەنسا لە پەرتوکەکانی جەنگی ناوخۆیی و، هەژدەهەمی برۆمێردی لویس پۆناپارتدا نووسی, بۆروداوەکانی هیچ وڵاتێکی نەنووسی ، ئەوەشی بۆ کۆمۆنەی نوسی بۆ شۆرشی ١٨٤٨ ی ئەوروپا نەنووسی.

ئەمرۆ لە هەموو کات زیاتر زۆر لە هەڵسەنگاندنەکان رابردوو لەسەر کۆمۆنە کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە ، خوێندنەوەی نوێی کۆمۆنە لەم سەردەمە لە هەموو کات زیاتر دەتوانێت خزمەت بە بیری سۆسیالستی بکات ، هەرچەندە ئەمکارە سەنگینە و لە پێش هەموو کارێکەوە پێویستی بە بیری ئازادە و دابڕانە لە چەمك و تێزە چەقبەستووەکان ، ئەوەی ئەم چرکە ساتە نوێیە ، پاش هەناسە هەڵکێشانێکی دیکە کۆن دەبێت و دەبێتە بەشێك لە رابردوو, چۆن لە رابردوودا کۆمۆنەی پاریس کاریگەری گەورەی لەسەر بیری سۆسیالستی دانا ، لەگەڵ خۆیدا زاراوەی نوێی هێنایە ناو بیری مارکسییەوە ، بەهەمان شێوە خوێندنەوەی سەر لەنوێی ئەمرۆی کۆمۆنە جارێکی دیکە دەتوانێت کاریگەری لەسەر دوبارە بەرهەمهێنانەوەی بیری سۆسیالستی هەبێت, تەنانەت لە هەندێك بواردا کۆمۆنە پێش خوێندنەوەکانی مارکس کەوت , سۆسیالزمێك بتوانێت وەڵام بە داخوازی تێکۆشانی ستەمدیدانی کۆمەڵ لەسەردەمی جیهانگیری و سەرمایەی گڵۆباڵ و شۆرشی چواری پیشەسازی و زیرەکی دەستکرد و لە دایك بوونی بریکاریا بداتەوە, سۆسیالزمێك هەوادارانی بە داهێنانەکانی ، لە ئەشکەوتی خەوتویی دەربکاتە دەرەوە ، جیهانی ئەمرۆ ، پارسەنگی هێزەکان و پێشکەوتنی زانست و ئازادییەکانی تاکە کەس و شێوازی تێکۆشان و خۆ رێکخستن و قەیرانی سستەمی پەرلەمانی و ئاسۆی دیموکراسیەتی راستەوخۆیی کۆمۆنانەو قەیرانی ژینگەو تەندروستی کە وەك سەردەمی کۆمۆنە لە مەلاریا سوپای ناپلیۆنی تێك شکاندبوو, هەژاران بەسەرچاوەی نەخۆشی دەزانرا, ئێستا جیهان لە شەڕی ڤایرۆسدا دەستەوەستانە, هێشتا قەیرانی ئەنتی بایۆتیکیش لە رێگایە و مەترسیدارترە, دەبێت ئەمانەو سەدان شکی دیکە بە شێوەی ریالیستیانە بخوێنێتەوە, بۆ ئەوەی چەپ و بیری سۆسیالستی نەك لە کاروانی پێشکەوتن دوا نە خات، بەڵکە بیکاتەوە داهێنەری گۆڕانکاری مێژووییو وەك ئەلتەرناتیفی ئەمڕۆی سەرمایەداری بیناسێت.

**دەستپێشخەریەکانی کۆمۆنە چی بوون**

کۆمۆنەی پاریس ,لە سستەمی بەڕێوەبەرایەتی دەسەڵاتدا ,توانی شێوازێك , لەبەوەبەرایەتی داهێنێت,لەپێش خۆیدا نموونەی نەبووە, داهێنانەکانی لە بەڕێوەبەرایەتیدا , بووە سەر مەشقی دیموکراتیزە کردنی دەسەڵات لەوکات, تەنانەت لە دەیەکانی دواتریشدا , گرنگترین کۆڵەکەکانی دەسەڵات لە کۆمۆنەدا بریتی بوو لە :ـ

١ -سەرچاوەی دەسەڵاتداری لە کۆمۆنەدا, ئەو بڕیارانە نی یە لەسەرەوە قەبوڵ کرابێت لە بەرژەوەندی چینی سەرمایەدار بێت, بەڵکە ئەو بڕیارانەیە کە لە خوارەوە خەڵك دەیدات, بڕیارەکان ئەنجامی کارو چالاکی داهێنەرانەی جەماوەرە, نەك بەرژەوەندی دەسەڵاتداران.

٢-هەڵوەشاندنەوەی داموو دەزگای بیروکراتیکی دەوڵەتی, لە بەرامبەردا دامەزراندنی سستەمێکی بەڕێوەبەرایتی نا ناوەندی دیموکراتیك .

٣-هەڵوەشاندنەوەی سوپا و تەواوی هێزە چەکدارە پیشەییەکان و کەمکردنەوەی پۆلیس , کە لە دژی جەماوەر و لە پێناو سەرکوت کردنی جەماوەر دامەزرابوون ,لە بری ئەوە, چەکدار کردنی جەماوەر بە گشتی ,تا خەڵك پارێزگاری لە خۆیان بکەن .

٤-هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی کاربەدەستانی دەوڵەت, لادانیان هەرکاتێك زۆربەی ئەوانەی هەڵیان بژاردووە بیانەوێت, یەکێك لە کەماسییەکانی سستەمی پەرلەمانی ئەوەیە تا کۆتا کات ناتوانرێت نوێنەرەکان لابىردرێن, کە زۆرجار لە بری بەرژەوەندی خەڵك, قازانجی سەرمایەدارو ئۆلیگارشییەکان جێبەجێدەکەن.

هەروەها دیاری کردنی لایەنی زۆری کرێی بەرپرسانی بەرزی دەوڵەت بە ٦٠٠٠ فرەنك , کە زیاتر نەبوو لە مانگانەی کرێکارێکی شارەزا,ئەمەش دەربڕی ئەوەیە, تەواوی ئیمتیازاتی فەرمانبەرە گەورەکان هەڵوەشایەوە.

ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆمۆن , ئەوەیان ڕەت کردەوە, لە نێوان خۆیاندا, دەسەڵات دابەش بکەن , بڕیار دان و ڕاپەڕاندن, لە یەکتری جودا بکەنەوە

لە ٢٩-٣, دوای ١١ ڕۆژ لە ڕاگەیاندنی کۆمۆنە, ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆمۆن کۆبونەوە , لە نێوان خۆیان کارەکانیان دابەش کرد, بەسەر ٩ کۆمیتە دابەش بوون, لە بری وەزارەخانەکانی پێشوو .

یەکەم بڕیار کە کۆمۆنە دای, ڕاگرتنی ئەو بڕیارە بوو, کە دژ بە کرێچیەکان دەرچوبوو, تیایدا ڕاگرتنی دانی کرێی خانوی هەڵوەشاندبوەوە , بە گوێرەی بڕیاری نوێ, ڕاگرتنی کرێی خانوی نەدراو, لە دوای بەرواری ئۆکتۆبەری ساڵی ڕابردوەوە, بۆ ماوەیەکی دیاری کراوو ڕاگرترابوو, هەروەها بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دانی کرێی خانوو , لە ١ ئەبریلەوە تا ١ یۆنی , هەروەها ئەو موڵکە داگیر کراوانەی , پێشتر دەستی بەسەردا گیرابوو, گەڕێنرایەوە بۆ خاوەنەکانیان .

فەرمانی دووەم نە فرۆشتنی کەل و پەلە دانراوەکان لە بانکی فەرەنسە .

فەرمانی سێیەم هەڵوەشاندنەوەی سەربازگیری بوو . کە خۆی لە هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری تەجنیدی زۆرە ملێ و سوپای نیزامی دەبینیەوە.

هەروەها لە فەرمانێکی دیکەدا, بڕیاری بەش بەش کردنی قەرز بوو, بە گوێرەی کۆمبیالاتی بازرگانی , بۆ ماوەی سێ ساڵ درێژ کرایەوە,ئەم بڕیارەش لە بەرژەوەندی بۆرژوای بچوکدا بوو, کە مایە پوچی ئابووری هەڕەشەی لێ دەکردن , بەڵام ئەم بڕیارە , لە ١٢ ئەبرێل هەڵوەشایەوە , وەستاندنی وەرگرتنی کۆمبیالە و هەڵوەشاندنەوەی هەموو داوایەك, لە مەرکومبیالە, هەروەها لە هەمان دانیشتندا, بڕیار لەسەر جێگیر کردنی بێگانەکان, لەو جێگەیەی بۆیان دیاری کرابوو درا .

لە ١ ئەبریل بڕیار لەسەر ئەوە درا , نابێت هیچ کارمەندێك لە کۆمۆنە لە ٦٠٠٠ فرەنك زیاتر وەرگرێت(١ ) . لە ٢ ئەبریل , بڕیاردرا لەسەر جیاکردنەوەی کەنیسە, لە دەوڵەت , وە هەڵوەشاندنەوەی بودجەی کاروباری ئاینی, بڕیارەکە لە چەند خاڵێك پێك هاتبوو , بریتی بوو لە : جیاکردنەوەی کەنیسە لە دەوڵەت – نەمانی بودجەی ئەوقاف – هەموو موڵك و بینایەکانی کەنیسەو کۆمەڵە ئاینیەکان, ببنە موڵکی دەوڵەت- پشکنینی موڵکە داگیرکراوەکان و خستنە بەردەستی گەل.

لە ٨ نیسان , بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی فێرکردنی ئاینی لە قوتابخانەکان درا, واتە پەیوەندی خوێندن بە کەنیسەوە پچڕێنرا.

لە ٦-١٣ ئەبریل چەندین بڕیار دەرکرا, سەبارەت بەو شوێن و ئارمانەی , کە هێماو دەربڕی گیانی شۆفینیەتی فەرەنسی بوون, ستوونی ڤاندۆم کە نیشانەی یەکەم سەرکەوتنی ناپلۆین بوو, لە لایەن گەلەوە ڕوخێنرا .

لە ١٦ ئەبریل بڕیار درا, ئەو کارگەو فابریقانەی, کە بە بێ هیچ هۆیەك,لە کارکردن ڕاوەستابوون ,یاخود خاوەندەکانیان خۆیان شاردبوەوە ,یاخود هەڵاتبوون ,یان وایان بە باش زانیبوو کار ڕابگرن, ئەرکی بەڕێوەبردنییان, بە سانديکا کرێکارییەکان سپێردرا,ئەوانیش بە شوڕو شەوقەوە کارەکانییان ئەنجام دا, بۆ جێ بە جێ کردنی ئەم کارە, ٤٣ کۆمەڵەی بەرهەم هێنان و ٧ کۆمەڵەی بەکارهێنانیان ڕێك خست.

هەروەها کۆمۆن بیری ئیعدام کردن و (غەرامەت ) لە سەر کرێکارانی هەڵوەشاندەوە. لە ٦ ئەبریل, لە ئاهەنگێکدا (مقصلە) یان سوتاند.(٢)

لە ٢٠ ئەبریل بڕیاری یاساغ کردنی کاری شەوانەی کرێکارانی نانەواخانەکان درا , ئەو کات باوبوو شەوانە نانەواخانەکان کار بکەن.

هەروەها بڕیار درا قازییەکان ئازادانە هەڵبژێردرێن, هەرکاتێکیش پێویست کرا لابردرێن.

لە بڕیارێکی دیکەدا, بڕیاری قەدەغە کردنی سزادانی کرێکاران دەرکراو یاساغ کرا, وە سزاشی بۆ دەرکرا, وە بیرۆ بۆ دۆزینەوەی کار بۆ بێکاران دانرا-واتە نەك بە تەنها بە تەنگی کرێکارانەوە دەهات بەڵکە لە هەوڵی دۆزینەوەی کار و وەسەر کار خستنی بێکارانیش بوو ,هەروەها چاودێرێك و ٨ مفەوەزی دانا بەسەر هێڵی شەمەندەفەرەوە , تا کارو باری هێڵی شەمەندەفەر ڕێکبخات ,کە فەرەنسا لەو کاتە گەورەترین هێڵی شەمەندەفەری لە دوای ئەمەریکا هەبوو لە ئاستی جیهاندا , هەروەها دەستی بەسەر ئەو شوقانەدا گرت کە خاوەنەکانییان هەڵاتبوون بۆلای تیر لە ڤێرسای بەسەر کرێکاراندا دابەشی کردن ٣.

هەرچی بواری پەروەردەو فێرکردنە, کۆمەڵێك بڕیار لە بەرژەوەندی منداڵانی هەژار دەرکرا ,لەوانە خوێندن بە زۆرو خۆڕایی بۆ هەمووان , لەگەڵ دابەش کردنی جل و بەرگ و خواردن بە خۆڕایی بەسەر خوێندکاراندا, کە لە ساڵی ١٨٧٠ دا سێ یەکی منداڵانی فەرەنسە, ناچونە قوتابخانە, چونکە لە ماڵەوە نایانتوانی خەرجیی خوێندنییان دابین بکەن, قوتابخانەی ئاینیەکان, خەرجییان گران بوو, وە لە قوتابخانە ئاساییەکان جێگە نەبوو (٤ ), بە پەسەند کردنی خوێندن بە زۆر و خۆڕایی ,توانرا چەکی پەروەردە ,لە دەست بۆرژواو چینە داراکان دەربهێنرێت, کە لەوە پێش مافی خوێندن و پەروەردە, تەنها بۆ ئەوان بوو, لە هەمان پەیوەندا, بڕیاری زیاد کردنی موچەی مامۆستایانیش درا, بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە, کارەکانیان ڕاپەڕێنن, هەروەها کار پێکردنی منداڵانیش قەدەغە کرا.

لە ماوەی ٧٢ ڕۆژی دەسەڵاتدارییەتی کۆمۆنەدا, هێمنی و ئاسایشی هاوڵاتیان دابین کرا , تەئمینی ئاسایش و ژیانی جەماوەر کرا, لەو ماوەیەدا هەرچەندە شۆڕشیش تازە سەرکەوتبوو, پاریس خاڵی بوو, لە هەموو شەڕ و کوشتارێك, تەنها چەند ڕوداوی بچوکی پەرتەوازەی لێرەو لەوێ نەبێت, وەك ڕوداوی مەیدانی فنرۆم ,هیچی کە ڕوی نەدا.

دزی ,بەرتیل ,ساختەکاری سیمای دەسەڵاتەکانی پێشتر بوو, یەکێك لە تەڵەکەبازەکان, وەزیری دەرەوەی فەرەنسە بوو , کەسیش لێیانی ناپرسییەوە, بەڵام کۆمۆنە, یەکێك لە ئەندامانی خۆی, لەسەر ئەو شێوە کارانە دەرکرد, بڕیاری گرتنیشی دا.

هەروەها هەموو حکومەتەکانی پێشوو, هەموو کۆبونەوەو رێککەوتننامەکانیان, بەنهێنی ئەنجام دەدا, کەس ئاگاداری ناوەڕۆکەکانی نەبوو, بەڵام کۆمۆنە ئەم نەرێتەی توڕ دا , هەموو شتێکی بۆ جەماوەر ئاشکراکرد , تا ئاگاداری سەرجەم کەم و کوڕییەکانی بن.

لە ٦ ئەبرێل کۆمۆن لە وەڵام بە ئیعدام کردنی ئەندامەکانی لە لایەن ڤێرسایەوە, بڕیارێك دەردە کات, لە ٢٦ ئایار پاش ئەوەی سوپای ڤێرسای سەدان کەس لە کۆمۆنارەکان ئیعدام دەکات, لە وەڵامدا کۆمۆنەش ٤٢ لە لایەنگرانی ڤێرسای, ئیعدام دەکات ,لە ناویاندا قەشەی پاریسی تێدا بوو.

لە ٢١ ئەبریل کۆمیتە دانراوەکان دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنیان پێ دەدرێت.

لە ١ ئایار بڕیاری کۆمیتەی ڕزگاری درا , کە دەسەڵاتی چاودێری هەموو نوێنەران و لیژنەکانی پێ سپێردرا, کە ٤٥ لە گەڵ و ٢٣ دژ بوون,لە ١٥-٥ ,بڕۆدۆنیەکان دژ بەو کۆمیتەیە, بەیاننامەیەکیان دەرکرد,کە پاشان ئەنتەرناسیۆنالی یەکەم, لە ٢١-٥ ڕەخنەی لەو بەیاننامەیە گرت.

هەرچەندە بۆردومان و هێرشی ڤێرسای, لەو ماوەیەدا بەردەوام بوو, بەڵام کۆمۆنە بە داهێنانەوە, لەو ماوە کورتەدا, ئەم هەموو بڕیارانەی دا , لە خزمەت جەماوەری هەژارو ستەمدیدەدا دەرکرد, کە بۆ ئەمڕۆ دەشێت زۆر قسەیان لەسەر بکرێت و مێژوو زۆریانی ڕەتداوە, هەندێکیشی بخرێتە بەر رەخنە.

لە خوارەوە دەمەوێت چەند بڕیارێك کە گەلێك لە دوای کۆمۆنە بڕیاری لەسەر درا وەك چەسپاندنی دەسەڵاتی عەلمانی لە فەرەنسا بخەمە ڕوو , تەنها بۆ سەلماندنی ناوەڕۆکی پشکەوتنخوازانەی بڕیارەکانی کۆمۆنە ,لەوانە-

ساڵی ١٨٧٩ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پشوی بە زۆری ڕۆژی یەکشەمموان درا کە وەك ئەرکێکی ئاینی سەیردەکرا,خەبات دژ بە کۆمەڵە ئاینیەکان و چەسپاندنی سیمای دنیایی بەسەر گۆڕستانەکان لە ساڵی ١٨٨١

درا, رێگە دان بە تەڵاق لە ساڵی ١٨٨٤ , بڵاوکردنەوەی پەروەردەی گشتی بەسەر پەرشتی جول فیری, ساڵی ١٨٨٣ خوێندن بووە خۆڕایی لە دەزگا دەوڵەتییەکان, ساڵی ١٨٨٦ بڕیار درا پەروەردە تەنها کاری مامۆستا عەلمانیەکان بێت , تا ئەو کاتانە کەنیسەی کاسۆلیکی گرنگترین هاوپەیمانی پاشماوەی پاشایەتی خوازان بوو, بە هەموو شێوەیەك دژ بە دامەزراندنی سستەمی کۆماری بوو ٥. هەڵبژاردن لە سەدەی ١٩ لە بەریتانیا و فەرەنسا وەك دوو پێشەنگی مەڵبەندی دیموکراتی لە جیهاندا دەنگدان تیایاندا تەنها بۆ دەوڵەمەندان بوو, تەنانەت ژنان تا چلەکانی ئەم سەدەیە مافی دەنگدانیان نەبوو ٦. کەچی لە کۆمۆنەدا دەرگای دەنگدان و خۆپاڵاوتن بۆ هەمووان بێجیاوازی لەسەر پشت بوو.

١- نصوص مختاره فردريك انكلس اختيار تعليق جان كاسا ترجمه وصفى البنى ص ٣٤٣.(

٢- کۆمۆنەی پاریس –ئەبوبەکر خۆشناو –سلێمانی ٢٠٠٢ ل ٤٤.

کۆمەڵکوژی کۆمۆنە

لە ٣١ ئایاردا, لە کاتێکدا تییر لە ناو لاشەی کۆمۆنارەکان ڕاوەستابوو وتی: (ئەم دیمەنە ترسناکە وانەیە بۆ دوا ڕۆژ).

لە ئاکامی شەڕدا ٢٠٠٠٠ کۆمۆنار کوژران لە ناو سەنگەرو شەقامەکان ,٣٠٠٠٠ یش لە زیندانەکان مردن, دادگای مەیدانی تا ساڵی ١٨٧٥ بەردەوام بوو , هەروەها ١٣٧٠٠ کەس لە وڵات دورخرانەوە, لەناویاندا ٦٠ منداڵ و ٨ ئافرەت هەبوون.*

لە پاش تێکشکانی کۆمۆنە, مارکس و ئەنگلس بە شانازییەکی شۆڕشگێرانەوە ,بە پرۆلیتاریایان وت: (کۆمۆنە هێزەکانی جیهانی کۆن وایان زانی بە تەواوی لەناو چوو, کۆمۆنە زیندووە بەڵکو لە هەموو کاتێکی ڕابردوو بەهێزترە و ئەتوانیین لە گەڵتانا هاوار بکەین بژی کۆمۆنە).ئۆجین پۆتیەش لەو کاتەدا وتی (کۆمۆنە نەمرە , ناشمرێ).تییرییش بە دوای سەرکوتکردنی کۆمۆنەدا وتی :(ئێستا بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ سۆسیالستەکان تەواو).(٧)

ڤیکتۆر هۆگۆش کە تا دواچرکەی ژیانی( ساڵی ١٨٨٥ مرد) , بە شانازییەوە داکۆکی لەوە کرد ,کە پشتگیری لە کۆمۆنە کردووە .(٨)

قسەکەی تییر ڕاست دەرچوو,لەوەی بۆ ماوەیەك بزوتنەوەی سۆسیالستییان کپ کرد, تا ساڵی ١٩٠٤ شۆڕش لە جیهاندا دامرکایەوە.(٩)

*ئەم ئامارانە ,لە سەرچاوەیەکەوە, بۆ یەکی کە دەگۆڕین .لە ڕۆژمێری کۆمۆنە هاتووە :(ئیعدام کردنی ٣٠٠٠٠ – لە ٢٦ ئایار تا ئۆکتۆبەری ١٨٧٤ لە ٢٤ دادگای سەربازییدا ٨٠ منال و ١٣٢ ژن و ٩٩٥٨ پیاو حوکمە دەن .٢٧٠ کەس ئیعدام دەکەن و ٤٠١٦ کسیش دور دەخەنەوە ,٣٢٦ کەسیش زیندانی دە کەن) .

ڕۆژنامەکانی ئەوکات نووسیویانە کە ڕوباری سین سوور هەڵگەڕاوە, بە خوێنی ئەو هەموو کوژراوو بریندارانەی کە فڕێ دراونەتە ناو ئەو ڕوبارەوە (گاوربا‌خی ژمارە ٦-٢٠٠٣-کیسرا هەورامی).

**بە فەرمانی گالیفی جەلاد ٢٠٠٠٠ گولەباران و ٤٥٠٠٠ کرێکار وە کۆماریخواز گرتران ,لە ناو ئەوانە ١٥٠٠٠ بە ئەشکەنجە یان هەڵواسین لە ناو بردران- موجز تاریخ حرکە نقابیە ج ١ ص ٩٩.(

لە گشتدا ئەوە دەردەکەوێت دەیان هەزار بونە قۆچی قوربانی کۆمۆن, گیان بەخت کردوان ژمارەیان یەکجار زۆرە , ئەمەش دەربڕی دڕندەیی بۆرژوازییە , کە ئەمڕۆ خۆی , وەك مەلایکەتی ئازادی و دیموکراسی و ئاشتیخوازی نیشان دە دات.

بە بەرچاوی زۆر شایەد حاڵەوە پاریس ببووە قەسابخانە , یەکێك لەو شایەدانە هنری دونان دامەزرێنەری خاچی سوور بوو, وتی: ئەمەش کۆمەڵکوژی بوو لە شاردا ئەنجامدرا.

لە ٢٨ ئایار لە ڕوکێت ١٩٠٠ کەس لە سێدارە دران , لە گۆڕستانی بابە لاشینز و مونبارناس و گۆڕەپانەکانی لۆکسمبۆرگ و باخی مزنسو و .. . فڕن بەکارهێنرا بۆ سوتاندنی تەرمەکان , بە زیندویی پیاوانی کۆمۆن زیندە بەچاڵ کران بە تایبەت لە باخچەی سان جاك.

بە پێی ڕۆژنامەی ئیفننغ ستاندارد پێشبینی ژمارەی کوژراوەکان ناکرێت , لەبەر زۆری , مەزەندە کرا بە ٢٠-٣٠ هەزار کەس , ٤٣٢٢ زیندانی " الکتاب الاسود للراسمالیە "ترجمە د.انگون حمصی , دار الگلیعە الجدیدە سوریا دیمشق ٢٠٠٦ , ل٧٥.

١٣٤٤٠ دادگاییکران لەوانە , ٣٣١٣ بە غیابی دادگاییکران " هەمان سەرچاوە , ل٧٦.

لە بەرواری ١٥-٦ سێدارەدان لە جەنگەڵستانی بۆلۆنیا ئەنجامدرا , لە کوشتن دەستیان هەڵنەگرت , تاکو بۆگەنی تەرمەکان ناچاریانی نەکرد, لە کەنیسەی مادلین ٣٠٠ کەس لە سێدارەدرا , لە گۆڕپانی بانتیون ٧٠٠-٨٠٠ کەس لە سێدارە درا.

لە دوای چەندین هەفتە لە ڕوداوی سافوارین , پاککەرەوەکانی پاریس لە سێدارەدران , تەنها لە بەرئەوەی دەستەکانیان ڕەش بوو, ئەمەش بەوە لێکدرایەوە بارود دەستەکانیانی ڕەش کردبێت , لە خوارەوەی ئەلبون- نۆف لە سێدارەدان بۆ ماوەی ٨ ڕۆژی ڕەبەق بەردەوام بوو, ٣٠٠٠ کوژراو لە زیندانی کالیدونیا و پردی

پاپۆڕەکان و ئەنبارەکان " هەمان سەرچاوە ل٨٧ ". هەروەها ٧٠٠٠٠ ژن و منداڵ بێبەریکران لە بەڵگەنامەی یاسایی , زیاتر لە ١٠٠٠٠ کەس دوور خرانەوە " هەمان سەرچاوە , ل٨٧. "

٣٦٩٠٩ زیندانی کۆمۆنی کرێکاری دەستی بوون " هەمان سەرچاوە , ل٨٨. "

١-الپقافه الجدیده عدد ٤ نیسان١٩٨٧ –کومونه باریس محتواها گبقی و مچمونها الوگنی –یحیا علوان ص٩٥.

٢-التاریخ الاقتصادی لعصر الامبریالیه ..ترجمه عبد الاله النعیمی ..الجزو الپانی .ف بۆلیانسکی.مرکز الابحاپ والدراسات الاشتراکیه فی عالم العربی.الگبعه الاولی.ل٨.

٣-نامیلکەی وتاری مارکسیزم و گیانی ڕیڤیزینیزمچاپکراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

٤-کۆمۆنەی پاریس –ئەبوبەکر خۆشناو ل ٦٥.

٥-لینین حوله کومونه باریس ص ١٨.

٦-التاریخ الاقتصادی لعصر الامبریالیه ..ترجمه عبد الاله النعیمی ..الجزو الپانی .ف بۆلیانسکی.مرکز الابحاپ والدراسات الاشتراکیه فی عالم العربی.الگبعه الاولی.ل١٩.

٧-ڕۆژنامەی بەیان ئیمارات ٢٦-٨-٢٠٠٢.

٨-هەمان سەرچاوەی ژمارە ٥.

٩-گاورباخی ژمارە ٦-٢٠٠٣ کیسرا هەورامی.